# گەنج لە نێو هاوکێشەکانی ژیاندا

**لە کۆمەڵگایەکدا کە تازە لەسەرە ڕێی کرانەوە و پەیبردنن بە پێشکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکان و پەراوێز خستنی گەنج، ئەمەش بە سەرەتایەکی خەترناك دادەنریت بۆ داهاتەی ئەم وڵاتە، ئایە ئەم پەراویزخستنە لە چیەوە سەرچاوەی گرتوە؟، بڵێی کاریگەری ململانێی نەوەکان بێت، کە ئەمەش پێشینەیەکی دوری هەیە و لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا ئەم ململانێیە بونی هەبووە، یاخود حاڵەتێکی لێکتێنەگەشتنە کە ئەمرۆ سەراپای تێروانینەکانی گرتۆتەوە، ئایە گرفتێك هەیە لە نێوان گەنج و دەسەڵاتدا؟، یاخود دیسانەوە نا تێگەشتنێك هەیە، ئەرکی دەسەلآت چیە لە بەرانبەر ئەم قەیرانەدا و دەبێت ئەرکەکانی سەرشانی گەنجانیش چیبن و چۆن جێبەجێیان بکات؟، دەست پێکردنەوەی کۆچی بەلێشاوی گەنجان بۆ؟، ئەی ئەو بەراوردکاریانە چین لە نێوان ژیان و تێروانین و تێفکرینەکانی گەنجانی ئێرە و گەنجانی وڵاتانی پێشکەوتوو، کۆمەڵگە چۆن دەڕوانێتە هەڵسوکەوتەکانی گەنج.**

**ئەمانە و چەند بابەتێکی تری تایبەت بەم کێشەیە لەم تەوەرەدا دەخەینەرو، بەلآم ئەوەی کە جێگەی ئاماژە پێدانە ئەم تەوەرە کاری نزیکەی 6 مانگە و لە ڕێگەی رۆژنامەی جەماوەرەوە خستومانەتەرو، بۆیە بە پێویستی دەزانین جارێکی تر لە ڕێگەی سایتی دەنگەکانەوە دوبارە بیخەینە روو، چونکە ئەوەی هەستی پێدەکەین بەردەوامی ئەو گرفتانەیە و لە رۆژگاری ئەمرۆشدا دوبارە بونەتەوە.**

**سازدانی تەوەر : ڕێبوار ڕەزا چوچانی :** rebwarreza1983@yahoo.com

.............................................................................................

" 16 "

## کۆچ لە ترسی دەسەڵاتی کوردی

**ئەژین عەبدولخالق**
azhenhawiati@yahoo.com



عەقڵی هەر کەسێکی کۆچکردوو لە کوردستان لە پێش دەورووبەر و ئەو زەمەنەیەتی کە تێیدا دەژی لەگەڵ ئەوەی ئێمەی کورد نەوەی سەردەمی خۆمانین! بەڵام نەوەی سەردەمی خۆمان نین ئێمە ڕاستە وەکو هەموو خەڵکی سەر ئەم زەمینە لە سەدەی بیست و یەك دەژین, بەڵام ئێمە شێوازی سەدەیەك پێش خۆمان بەکار دێنین, خاوەنی حکومەتێکین ئەوەندە بە گەمژەمان دەزانێ بە عەقڵیەتی سەردەمێك پێش ئێستا مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتی دەکات, یاسایەك حوکم دەکات لە وڵاتی ئێمەدا کە هی سەردەمی ئێمە نییە. گەنج لەم وڵاتەدا عەقڵ و بیروهۆش و بیرکردنەوەی تەنانەت ستایلیشی هی واقعی ئەم کۆمەڵگایە نییە کە تێیدا دەژی, کەواتە لێرەدا دژکارییەك لە نێوان گەنج و کۆمەڵگا دروست بووە, ڕۆژ بە ڕۆژیش هۆکارەکانی ئەم دژکارییە زیاتر پەرەدەستێنن تا وای لێدێت زەمەنێك ئەم وڵاتە دەبینین شتێکی نییە ناوی گەنج بێ, وڵاتی "پیران" ئەگەر گەنجێك بدۆزیتەوە لەوانەیە وەکو ئەفسانە و چیرۆکەکان بیکەنە پاشاو سەرووی خۆیان و بیپەرستن.

زۆر باس لەسەراپا و تێکڕای کێشەکانی گەنج کرا کەس گوێی لێنەگرتن و کەس گوێی لێنەگرتین, کەسیش گوێیان لێناگرێ, بۆیە ئێمە ئێستا لەناو گەمەیەکین بەناوی "خۆگری, ئەوانەی هەر زوو ڕادەی خۆگریان کەم بوو ئەوە هەر لەسەرەتای ساڵەکانی دوای (91) ئەو وڵاتەیان جێهێشت بەمانایەکی تر و دوور لە خۆگری ڕەنگە ئەوانە زۆتریش زیرەك و ژیربووبن و هەر زوو درکیان بەوە

کرد که ئەمە سەرەتای گەمەیەکی سیاسی و ئەمنی وئابوری و ئاسایشی و کۆمەڵایەتی... بۆیە بە پەلە و بە ئاسانتر لە ئێستا خۆیان دەرباز کرد, خەڵکێکی زۆری تریش بیریانکردەوە (کرێ چین) لە وڵاتی خۆیان و حاڵ وا بڕوا قەتیش نابن بە خاوەنی بستێ زەوی! بۆیە حەقیقەتێك هەیە تۆ مادەم لە وڵاتی خۆت کرێچیی کەواتە بەهەڵەدا چووین ئەوە وڵاتی خۆت نییە, چونکە وڵات یانی ماڵ, بەڵام دەڵێین چی  کە ئێمە لەم ماڵە کرێچی بین, کەواتە کرێچی لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایە بێ هەر کرێ چییە و دەکرێ رۆژێ خاوەن موڵك دەریکا, ئەوە یەك لەو هۆکارە سەرەکیانە بوو کە بەشێکی زۆری خەڵك بە چەرمەسەری و رێگای قاچاغ خۆی لەم تلانەوە رزگار کرد و ناچار بوون کۆچ بکەن یا بەمانایەکی تر لە وڵات و لە ماڵ دەرکران بەشێکی زۆری کچەکانیش زۆر ژێر بوون خۆیان تووشی رێگای چەرمەسەری قاچاغ نەکرد و زووش تێگەیشتن زەواج لەم وڵاتە بە چەندینساڵی تر مانای ژیان و ئینسان بوونی کچە نابەخشێ بەهۆی داب و نەریت و کۆمەڵگا و دەوروبەر بۆیە تاکە مەرجیان بۆ شووکردن دەرچوونیان بوو بۆ دەرەوەی وڵات لە رێگای شتێ کە بەس ناوی پیاو بێ, گرنگ نەبوو جیاوازی تەمەن و شێوە و ئاستی رۆشنبیری... ئەم کچانە وەکو لۆتۆیەك زەواجیان کرد لە پێناو دەرچوونیان و رزگاربوونیان لەم وڵاتە, بەشێکی تری خەڵکیش بەتایبەت گەنج لە قوتابخانە و لە کوچە و کۆڵان و هەموو شوێنێکی شار ئۆقرەیان لێ هەستا لەدەست مندالە بەرپرس و جیاوازی و نایەکسانی ئەوان لەگەڵ خەڵکی ئاسایی لە بەرامبەر ئەوانیشدا کەس نەیتوانی بڵێ (چش...) بۆیە ئەوانیش پێیان ئەهوەنتر بوو ببنە خۆراکی ماسی و لە کێوەکان لاشەیان برزێ نەك چیتر ئەم ساتە تاڵانە ببینن, ئەم وڵاتەشیان بە دڵی فراوانەوە وەکو میرات بۆ بەرپرسان و منداڵی بەرپرسان و خاوەن دەسەڵات جێهێشت بۆ ئەوەی لە ساڵی چەند مانگێك بێتەوە و پشوو دەن و هەندێك لە پرۆژە بازرگانییەکانیان جێبەجێ بکەن. لە هەمووشی ترسناکتر ئەو واقعیە تاڵەیە کە رۆژ بە رۆژ روو لە زیادبوون دەکات, بەڵام نەك کۆچ بۆ دەرەوە و ئەوروپا بەڵکو جۆرێکی تری کۆچ کە ئەبەدییە و تا هەتاییە کە بەشێوەیەکی گشتی لەناو گەنجان و بەتایبەتی و بە زۆریش لەناو کچان باوەئەویش خۆسووتاندن و خۆکوشتنی (کچانە) یان بەمانایەکی راستتر پاڵپێوەنانی کچانە بۆ خۆ کوشتن, چونکە ئەوانە خۆیان ناکوژن و ناسووتێنن, بەڵکو وایان لێدەکرێ ئەم بڕیارە بدەن وئەم کارە ئەنجام بدەن, ئەوان جوانی خۆیان دەخەنە ژێرخاك و پیسی و خۆڵەمێشەکەشیان بە (با) یەك بۆ بەرپرسانی پەرلەمان و رێکخراوە داکۆکیکەرەکانی ئەم مەسەلەیەی دەنێرن, بەشێکی تری خەڵکیش کەهەر هەوڵی چاککردنی داو ئەوانە خۆڕاگرتربوون لەوانی تر ئەوانە بە رێگایەکی ئاشتییانە و بە وتە و قەڵەمەکانیان هەوڵی باشکردن و چاککردنی ئەم واقعەیان داو رەخنەیان گرت لە ناحەقی و ناڕەوایی دەسەڵات و داکۆکیکردن لە ماڤ خەڵك, ئەوانەش یان نان بڕاوکران یان هۆکارێکیان بەرامبەر بەکار هات کە ناچار بکرێن رابکەن, لەبیریشمان نەچێت سەرەڕای هەموو ئەوانە بێ متمانەیی خەڵك بەرامبەر دەسەڵات رۆژ بەرۆژ روو لە زیادی دەکات نەك بێ متمانەیی لە چاککردنی ئاو و کارەبا و سووتەمەنی و هەڵبەزی بازاڕ و دابەزینی دا, بەڵکو بێ متمانەیی بەرامبەر بەو حکومەتەی خۆی کردووە بە شوانمان و بۆ رۆژێکیش نەیتوانی لە دەست گورگ بمانپارێزێ. هەتا ناکۆکی لەنێوان هەردوو حزبە سەرەکییەکە هەبوو ئەوا زۆر بەئاسانی هەڵیان دەکوتایە سەر ماڵی خەڵك و رووتیان دەکردنەوە لە هەر شتێ کە دەیانویست, بۆ پارەو سامان چەندین دکتۆر و زێڕنگر و دەوڵەمەند... لەم وڵاتە کوژراو بێ سەروشوێنکرا, تۆ بڵێی خەڵك گەمژە بێ و بەرامبەر بەو هەموو ناحەقیەش دانیشێ و وەکو کاوەی ئاسنگەر چاوەڕوانی مەرگی کوڕەکانی تری بێ..

بێگومان بۆ هەموو ئەو حاڵەتانەی کەباسم کرد باشترین رێگا کۆچ کردنە, ئەوە ئێمە نین کۆچ دەکەین ئەوە دەسەڵاتە کۆچ بە ئێمە دەکات دوایش پرۆژە ساز دەکا و وەزارەتێ بۆ لاوان دەکاتەوە بۆ ئەوەی چارەسەری کۆچ بکەن.

پێم وانییە هیچ گەنجێ هەبێ ئەم وڵاتەی بەخۆشی و بۆخۆشی و هەوەس جێهێشتبێ بەڵگەش بۆ ئەوە کاسێت و نامەی هەر هەموویان لەنێو ماڵەکانمان ماون کە پڕن لەگریان تا چەند مانگی ئەوەلیش کە ئەم وڵاتە جێ دەهێڵن, بەڵام ئەوان پێیان رەواترە ئەم هەموو تلانەوە و ئازارە بکێشن بەڵام نەك لەم وڵاتە کرێ چی بەرپرسێك بن و ئیستغلالی مادی  و مەعنەوی بکرێن, ئەوانەی کۆچ دەکەن ئەگەر خاوەن موڵکیش بن لەم وڵاتە, بەڵام برە پارەکەی سۆسیال و خانووەکەی زۆر بە ئەهوەنتر و ئارامتری دەزانن.

خەڵکێکی بیروباوەڕ توند بەئاین سەرەڕای ئەم هەموو ناحەقیەی کە لەم وڵاتە هەیە هەر قبوڵیان بوبێ و تاکو ئێستاش پێیان رەواتربووە بە کۆچ کردنی بۆ وڵاتی بێگانە, بەڵام ئەوانیش لەم رۆبەدواوە دەبێ حەقیقەتێك بزانن, بەلایەنی کەم خۆ لەو وڵاتانە حەج بە واسیتە و خزمایەتی و دەسەڵات نییە, بەڵام لە وڵاتی ئێمە حەجیش بۆتە واسیتە و ساختەکاری و بەرتیل, بەردەوام

پرسیارێکیش دێتە پێش دەمی ئەو کەسانەی کە لێرە دەژین: (بۆ من لێرەم؟) کاتێك ئەم ولاَتە هەرچی رۆشنبیر و شاعیر و نووسەر و مۆسیقاژەن و هونەرمەند.. لەم ولاَتە نەمان و کۆچیان کرد ئەی بۆ من لێرەم، ئەم ولاَتە لە بەندیخانەیەکی گەورە دەچێت! گەورە بەقەد ژمارەی دانیشتوانی, گومانیش لەوەدانییە کە هیچ کەسێ حەزی لە بەندیخانە نییە مەگەر ئەوەی لە هەموو ژیانی هەوای ئازادی هەڵنەمژێ بێ واقیعی ناو ئەم بەندیخانەش بەم شێوەیەیە بەدیار چراوە بخوێنە و تێکۆشە بۆ خوێندن و ولاَت, بنووسە لە تاریکی بخوێنە لە سەلەفیەت, پێداویستییەکانی ئەم ولاَتەش لەسەردەستی چەند بازرگانێکی دەسەلاَتدار دابین دەکرێت هەم لە خۆراك و جل وبەرگ و داو دەرمان و ...تد, ئێمەش بەندین لەدەستی ئەوان دا بۆمان نییە باش و خراپ و سپی و رەش لەیەکتر جیا بکەینەوە, بەلاَم تاکە رێگامان هەلاَتن و کۆچ کردنە. کارەساتەکە لەوەدایە ئێمە چەند بەندکراوین لەم ولاَتەدا, بەرپرسان و دەسەلاَتدارانیش دوو ئەوەندە بەندن، چونکە ئەوان دەبێ بەدیارمانەوە بن و چەندین دەزگا و پرۆژەیان بخەنە گەڕ نەك بۆ داکۆکی کردن لە ئێمە, بەڵکو بۆ ئەوەی کەس نەڵێ دەسەلاَت لە پشت چاوتانەوە دووبرۆیە, نەکا یەکێ وشەیەکی رەخنە لەناو ولاَتە بەندیخانەکەیان بدرکێنێ, دەسەلاَت لەم ولاَتە بەڕادەیەك ئۆقرەی لێ هەڵگیراوە کە بەردەوام دەبێ ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی (جەوازات) بێ نەکا رۆژانە بەسەدان کەس (pasport) دەرکات, چونکە ئەوان دەبێ سانسۆر لەسەر ئەوەش دابنێن ئەگەر وانەبێ ئەوا ولاَت چۆل دەبێ, بۆیە تکایە لە هەرچی بەرپرس و دەسەلاَتداران پێش ئێمە با خۆیان لەم ولاَتە دەرباز کەن, خۆ بستێك زەوی بۆ خەڵك نەما, ئێوە هاتن کوردستان دابەش کەن نەك رزگاری کەن, گەنجی ئەم ولاَتەش تاکە شت کە پێی مابێ (سەفەر)ە, پڕ ناو جەنتای میکاژەکانمان سەفەرە پڕ گیرفانی جلەکانمان سەفەرە, خەون و گۆرانی و مۆسیقا و شیعرەکانمان بونەتە سەفەر, شەقامەکانمان پڕن لە سەفەر.

گەنج لەو ولاَتە جەستەیەکی پڕ خەم و جەنتایەك جل بوو بە پشکی لەوە زیاتری بۆنەمایەوە هەرچی پرۆژە و خەون وداهاتویەکی کە هەڵی گرتووە لە دەرەوەی ئەم ولاَتە بیهێنێتە دی, گەنج لەم ولاَتە مردووە ژیانی ئەم ساتە دەست پێدەکات کە لە دەرەوەی ئەم ولاَتە نیشتەجێ دەبێ.

هەڵخەڵەتانێکی گەورەیە ئەگەر بڵێین خەڵك هەن و لەکوردستان دەژین یان ژیان دەکەن, مەبەستم لە خەڵکی ئاساییە نەك چینی ئەرستۆکراتی و دەسەلاَتداران, کەبۆ بازرگانی و موڵکداریەتی کردنی یەکە بەیەکەی گەڕەکەکانی ئەم شارە لەم ولاَتە ماون, چونکە ئەم خەڵکە ئاساییە ئەوەی کە ئومێدێکی بە دەرەوەی ولاَتیش نییە ئەوە چاوەڕوانی مردنە, یا بە مانایەکی تر هەموو رۆژێك مردنە, هەموو مانگێك تا کرێی خانوویەك پەیدا دەبێ دەمرین و دەژینەوە, هەموو رۆژێ دابین نەکردنی پێداویستی منداڵەکانمان دەمانکوژێ, هەموو هاوینێ لە گەرما و هەموو زستانێ لەسەرما خوێنی خۆمان دەخوێنەوە.

لەوانەیە زۆر زۆر لەسەر گەنج و کۆچ نووسرابێ و گوترابێ, بگرە چەندین و چەندان دەفتەر دۆلار بۆ ئەم بەزمە سەرف کراوە, چەندین راو بۆچوونی جیاوازیش لەسەر ئەم مەسەلەیە درکێندرا. بەلاَم من پێموایە لەگەڵ راپەڕیندا ئەم کێشەیە دروست بوو, کۆچ لە دوای راپەڕین لەم ولاَتە بوو بە کلتوور, پێش راپەڕین سەرەڕای ئەوەی لە ژێر دەستی دیکتاتۆرترین رژێمی دنیا بووین, بەلاَم ئامادە نەبوون ولاَت جێبهێڵن, دوورترین کۆچ کە گەنج لەو کاتدا رووی تێدەکرد, داکەندنی پۆستاڵەکەی بوو و راکردنی بۆ چیا. واتە کۆچ بۆ شاخ. لێرەدا پێویستە دەسەلاَتداران پرسیارێك لە خۆیان بکەن کە دەبێ چ ناحەقیەکیان دەرهەق بەم خەڵکە کردبێ کە هیچ گەنجێ ئامادە نەبێ پاککردنەوەی W.C یەکانی ئەوروپا بەو ولاَتە بگۆڕنەوە, لە هەمانکاتدا هەر ئەم گەنجانەش بوون راپەڕینیان کرد, خەباتی شاخیان کرد, هەر گەنجی ئەم ولاَتەش بوو لە دەستی بەعس هەڵدەهاتن, بەلاَم بە پێچەوانەوە لە شاخ لەسەر خوێنی خۆیان خەباتیان دەکرد, تا ئێستا شتی وا لە دنیا دا نەبووە دەسەلاَت لە خوێن و زمان و گۆشتی نەوەکەی بێ, کەچی کۆچ بە زۆرینەی خەڵکەکەی بکات, ئەمە گەورەترین پرسیارە, پێویستە هەموو ولاَتانی دنیا بیوروژێنن وباسی بکەن.